قوباد تالەبانی: پێسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرکەوتوو بوو



قوباد تالەبانی، جێگری سەرکۆزیرانی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند، پێسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرکەوتوو بوو و هیواشیی خواست، حکومەتی نوێی عێراق بەزوویی پێکبهێنرێت.

لە ڕاگەیەندراوەکدا، نووسینگەی ڕۆژنامەوانی جێگری سەرکۆزیرانی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەکردووە، ئەمڕۆ دووشەممە، 17ـی تشرینی دووەمی 2025، قوباد تالەبانی، لەگەڵ زیاد بەتارسە، کونسوڵی گشتیی نوێی ئوردن لە هەرێمی کوردستان، کەبووەتە لە کەبوونەکەدا، هەردوولا تاوتوێی چێنێتی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئوردن لە بواری جیاوازەکان کرا.

قوباد تالەبانی، لەبارەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە ئاماژەی بەوەکرد، هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی سەرکەتووانە بەڕێوچوو و هیواشی خواست حکومەتی نوێی عێراق بە زووییی پێکبهێنرێت. جەختی کردەوە "دەبێت ئەولەویەتی هەردوو حکومەتی داهاتووی عێراق و هەرێمی کوردستان چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بێت".

لە بەشێکی دیکەی کەبووبونەکەدا باس لە پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئوردن کرا و هەردوولا بە گرنگیان زانی ئەو پەیوەندییانە لە بواری جیاوازەکانی وەک بازرگانی و کلتوری و

پەروەردەیی و خوێندنی باڵادا پەرەی زیاتری پێ بدرێت.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە دامەزراندنی کۆمیسیۆنی فیلمی کوردستان کرا، کە ئەو کۆمیسیۆنە دەتوانێت وەک پردێکی پەیوەندیی بەهێز لە نێوان هەرێم و ئەردن دا ڕۆڵ ببینێت.